# که س ناوی کوردەکانی" سوێد" ی نەهێناوە...!!

**توانا**

نا حاڵی بوون لە ڕوداوو پێشها تەکان، سەرچاوەکەی پەلەکردن و نەزانینە یا ن بە ئەنقەستە.
خۆزگە ئەم ڕاپۆت و لێکدانەوانەی میدیاکانی کوردستان لەخاڵی یەکە میاندا دەگیرسایە وە،
لەکۆبونەوەی بەرلەمانی سوێد لە 14 سێپتەمبەری2005 لە کات ژمێر 9:00 بەکاتی ئەوێ ،
بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی کێشەی ئەوانەی کە تا ئێستا مافی پەنابەرێتییان ڕەتکراوەیەلە
لا یەن دەزگا بە ڕپرسە کانی ( Sydsvenskan      25 000 kan få stanna i Sverige
(7februari2005
ئەویش لە سەر داوای پێنج پارتی سوێدی(سەوز،چەپ،خەڵک،د.مەسیحی،سە نتەر) بـۆ
داوای پێدانی مافی (allmän "amnesti" för flyktingar) پە نا بەری بۆ " هە موو" کــــە
"سوێدییەکان" خۆیان دەسپێشخەرو ڕێکخەرو جێ بەجێکەری بوون .
کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد وەک دەست پێشخەرییەک "نەوەک بڕیارێک دەربچێت"
وکوردە کان لە خەڵکی عێراق جیا بکەنەوە"کە ئەسڵەن ڕووی نەدا"داوا کــا رییەکیان
ئاراستەی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلە مانی کوردستان کرد، کە ئەوانیش بە سوپاسێکی
بێپانا وە زۆر بە پە لەو لە مەوقیعی هە ست کردن بە مە سئوولییە تەوە یاداشتێکیان نارد
بۆ پەرمانی سوێد وپشگیری یان لە داواکا رییە کە مان کرد.
ئەوەی شایانی باسە پە رلەمان 172 نەخێر- 134 بەڵێ - 5 بێ وەڵام . دوای مشت و
مڕێکی تێر و تە سەل پێشنیارەکە ی 5 پارتە کە بێئاکام بوو. واتا داوا کاری کوردەکان
وەک ئیجرایەکی خۆپاراستن بوو نەک ڕوداوو.
ئێتر تێناگەم ئەمانەی میدیاکانی کوردستان*بڵاوی دەکە نەوە ناحاڵی بوونە یاخوود بە
ئەنقەستە، ئەگەر یەکەمیان بێت ، ئەوە کاری ڕۆژ نا مەوانی تە نها پڕ کردنەوەی جێگا
نی یە لە سەر کاغەز، چونکە دە بێت بزانرێت، یا خود ڕاستتر حەق وا یە بـــزانین
کە سەدان خێزان بەم شێوە هە واڵا نە کاریگەرییەکی خراپ ڕووبە ڕویان دە بێتـــەوە.
خۆزگە هە روا بە هە ڕەمەکی نە نیشتینایە ناو وێنە ی ڕوداوەکان.
شارستانێتی مێژوویی لە سەرئەو بە جێماوا نە دە نوسرێتە وە کە دەستاو دەست دە گەنە
نەوەکانی داهاتـــوو،هە ر بۆ نمونە گەر لە وێنە یەکی " ئاشور بانیپاڵ " بکۆڵینەوە کە
کوتەکێکی بەسەرشانە وە بێت ،دەکرێت یەکسەر بڵێین ئەوە لە مارکوشتنەوە هاتوەتەوە!
من خۆم لە ناو هۆڵی پەرلە مان بووم و کەم تازۆر ئاگاداری ڕێڕە وەی ڕووداوەکانم یاخود
باشتر بڵێم لە ناو کرۆک و جەرگەی باسەکاندام، لە گەڵ ئەوە شدا ڕەنگە من هە ڵە بم وئەو
میدیا یانە ڕاست بن کە نزیکن لە دەسەڵاتدارانی کوردی، چونکە وابڕیارەوەفدێکی دائیرەی
کۆچی سوێدی سەردانی کوردستان بکات،ڕەنگە ڕێکەوتننامەی "کڕین و فرۆشتن" ی ئەو
پەنابەرانە لەگۆڕێ دا بێت و ئێمە بێ ئاگا بین ! ئە وکات ناحاڵی بوونەکە لای منەوەیە نەک
ئەوان، ڕەنگەئەوان" باشتر بۆنی مشکە تۆپیوەکە یان کردبێت" و هە موو شتێک بڕا بێتەوە
بە پێشەکییە کە شە وە!ئەمەش سەیر نی یە! بۆ نمونە لە مەکسیک نەریتێکی باو هەیـــە
دەڵێت" ئەگەر کەسێک پارەی کەسێکی تر بەرێت و نە یداتەوە ،کەسی دووەم بە ناچاری
پەنا بۆ پۆلیس دەبات، کەچی پارەکە بۆ گیرفانی پۆلیس دەبێت و خاوەن پارەش دەست بەتاڵ.

دەیان نمونە ی تر یش هە یە! لە با زرگانی کردن لە سەر مافی کەسێکی تر، و بە دوعـــــا.

* ( puk میدیا- ڕادێو نەوا) ( خەبات)( ڕۆژ نا مە ی ئاسۆ) ( دوا ژمارەکانیان لە 15بۆ2005/09/19)